# مەوادی بێهۆشکەرو کاریگەریەکانی



**دکتۆر رۆژان خالید**
rojanashtab@yahoo.com

کێشەی مەوادی بێهۆشکەر بەگشتیی کێشەیەکی جیهانییەو هەموو دونیای گرتووەتەوە، دڵەڕاوکێی خستۆتە ناو کۆمەڵگا.بەداخەوە ئەم بەڵا مالویرانکەرە، وەك قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، کەسایەتی وڵاتی کوردەواریشی گرتۆتەوە. بە پێی راپۆرتی راگەیاندنەکان، راددەی (گیرۆدە) لە کوردستان روو لە پەرە سەندندایە.

بەستنی ئەو هەموو سمینارو کۆنگرەو کۆڕو کۆنفرانسانە لەسەر زیانو زەرەری بەکارهێنانی مەوادی بێهۆشکەر، ئەو راستیە دەسەلمێنن، کە ئەمرۆ هیچ وڵاتو نەتەوەیەكو هیچ مرۆڤیك ناتوانێ مەسەلەی ئەم کارەساتە لە بیربکاتو چاوی لێبقوچێنێ.

ئەگەر سەیرێکی مێژوو بکەین وا دەردەکەوێ لەو کاتەوە مرۆڤ بیری کردووەتەوە بۆ چارەسەری ژانو ئێشو نەخۆشی لاش رێگایەك بدۆزێتەوە، کەڵکی لە مەوادی سڕکەرو بێهۆشکەر وەرگرتوە. بەپێی بیروباوەڕی کارناسانو پسپۆرانی کۆمەڵایەتیو پزیشکی هۆی سەرەکی گیرۆدەبوون بە مەوادی بێهۆشکەر لە نێو خەڵکدا، کێشەی وەك بنەماڵەییو کۆمەڵایەتیو کەسایەتیە.

گرفتی بنەماڵەیی، وەك هۆشیار نەکردنەوەی منالٚ لە لایەن دایكو باوك لە پێوندی لەگەڵ زیانو زەرەرەکانی مەوادی سڕکەر، ئاگادارکردنەوەی منداڵ لە هەڵبژاردنی دۆستانو ئاشنایان، گوێ نەدان یان بەکەم گرتنی بیروباوەڕی لاوان پێوەندی نازانستیانەی گەورەکان لەگەڵ سۆزداریو رەوانی لاوان، بەکارهێنانی مەوادو سیگارو ئەلکهول لەلایەن گەورەکانەوە لە ماڵەوە.

لایەنی کۆمەڵایەتی، بێکاری،گیروگرفتی ئابووری فەرقو جیاوازی کاروکاسبی، روون نەبوونی دوارۆژی لاوان، نەبوونی شوێنو جێگای سەیرانو وەرزش، خوێندنەوە، بەجێهیشتنی قوتابخانەو زانکۆ، ئامادەنەکردنی بیرورای گشتی لە زیانو زەرەری مەواد لەلایەن راگەیاندنەکانی گشتی، لە وڵاتانی نائازادو نادیموکراتیكو دیکتاتۆرەکان، دەسەڵاتداران بۆ مانەوەی خۆیان لە سەر کورسی دەسەڵات بەسەر جەماوەردا، گیرۆدەکردنی کۆمەڵ بە گشتیو بەرەی لاو و گەنج بە تایبەتی بە مادده بێهوشکەرەکان ئامانجیان بووە، کاتێك دکتاتۆرەکان ناتوانن بە شێوەیەکی بەرانبەرو یەکسان ئارەزوو پێداویستیەکانی کۆمەڵانی خەڵك دابین بکەن، کارو ژیانو ئازادی یەکسان بۆ هەمووان مسوگەر بکەن، بۆ خۆیان بەرەو بەبڵاوبوونەوەی ئەم مادده بێهۆشکەرانە دەدەن هەتا لاوەکانو گەنجان نەتوانن بەرەنگاری گەندەڵیو نادادپەروەری نیزامەکەیان ببنەوە.هەموو ئەوانەی باسمکردن دەستیان داوەتە یەكو بوونەتە هۆی پەرەسەندنی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە بارستایی بازرگانی مافیاییو سەرچاوەی داهاتی ئابووری مەوادی بێهۆشکەر لە دونیادا نزیك بە ١٦٠٠ ملیارد دۆلارە لە ساڵێکدا.

پێش ئەوەی لەباری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی سەرنجی کێشەی مەوادە بێهۆشکەرەکان بدەم، لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەم کێشەیە شرۆڤە بکەم، من زۆرتر لە باری تەندروستیەوە بۆ کێشەکە دەچمو مەبەستم زۆرتر رۆشنیری تەندروستیە لە مەڕ ئەم بابەتە. هەر وەك ئاگادارن: خۆپاراستن باشترین چارەسەریە، بەڵێ راستە پێش ئەوەی گیرۆدەبین، ئەگەر بتوانیین لێی دوورکەوینەوە، بۆ باشتر نیە؟

## گرفتی گشتیی:

بەکارهێنانو کەڵك وەرگرتن لە مەوادە بێهۆشکەرەکان واتا "نارکۆمانیزم" لە سەردەمی ئێستادا، بێگۆمان یەکێك لە کێشە هەرە گرینگەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتین. ئەم بەڵایە گەورەیە ژیانی ملیۆنان مرۆڤ و سەرمایەی گەورەی میللیو هێمایەنی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتی خستۆتە مەترسیەوەو زیانەکانی ئابووری، جەستەیی، رەوانی، بنەماڵەیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو تەندروستی زۆر گەورەی لێکەوتۆتەوەو بەم زوانە قەرەبوو ناکرێتەوە.

## ئاماژەیەکی مێژوویی و ژمێریاری:

بە درێژایی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ راستیەکی مێژوویی دەردەکەوێ کە مرۆڤ وەك زیندەوەرێکی بە هزرو هۆش هەمیشە لە حاڵی پێشکەوتن دایەو لەم رێگایەدا زۆر جاریش تووشی لادانو قەیران بووە.

ریشەی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ یازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، یانی زەمانی کە سۆمێریەکان شیرەی تریاکیان گرت. بە پێی ئەم بەڵگانەی کە لە مێژوودا هەن، لە پێشدا سۆمەریەکان تریاکیان



وەك دەرمانێکی تەسکیندەرو دژی ئێش بەکاردەبرد، بەڵام پاشان پەرەیان پێداو کەم کەم وەکوو مەوادی بێهۆشکەر کەڵکیان وەرگرت. کە بەداخەوە کارەساتەکەی ئەمڕۆ لە بەرچاوەو ئێستا لەدونیادا نزیك بە پێنجسەد ملیۆن کەس گیرۆدەی بوون.

## وڵاتانی بەرهەمهێنی مەوادی بێهۆشکەر لە دونیادا:

١ـ ئەفغانستان. لەم وڵاتەدا لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئاڵۆزیو شەڕو شۆڕشی نێوخۆ گەورەترین سەرچاوەی داهاتی تاقمو کۆمەڵانی ئەفغانی چاندنو بەرهەم هێنانی تریاك بوو، بەڵام دیسانیش ڕاددەی بەرهەمی ساڵانەی تریاك لە ئەفغانستان بەدروستی بەراورد ناکرێ.بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئینتەرپۆل، بەرهەمی تریاکی ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٧دا ٢٨٠٠ تۆن ڕاگەیاندراوە. لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی ساڵی ٩٥-٩٦ ی ئەم ڕێکخراوەدا، بەرهەمی تریاك لە ئەفغانستان ٢٥٠٠- ٣٠٠٠ تۆن بەراوردکراوە. لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ دا، بەرهەمی تریاك لەم وڵاتەدا بە نزیکەی ٣٠٠٠-٤٥٠٠ تۆن خەمڵێنراوە.

٢ـ پاکستان: بەشێك لە پشتێندی سنووری ئەم وڵاتە کە دەکەوێتە سەر سنووری ئەفغانستانو ئێران، چاندنو بەرهەمهێنانی تریاكو حەشیشو خەشخاش، کارێکی ئاسانو پڕداهاتە. لەم ناوچانەدا لابراتۆری جێگرگەڕۆکی هێرۆئینو مۆرفین سازی زۆر چالاك هەن.

٣ـ ناوچەی سێ گۆشەی زێڕین: وڵاتانی وەك کۆماری لائۆس، میانمارو تایلەندیش لە ناوەندی چاندنو بەرهەمهێنانی مەوادی بێهۆشکەرن.

## جۆرەکانی مەوادی بێهۆشکەر و زیانەکانیان:

مادەکانی بێهۆشکەر ئەو ماددانەن کە بە هۆی بەکارهێنانیان چ بە شێوەی شیمیایی یان سروشتی لە مرۆڤ (ئیعتیاد) بوون بەدی دێنن. مەوادی بێهۆشکەر بە پێی کاریگەر کە لە سەر چالاکی زەینیو کۆدەماری ناوەندی هەیانە، ئاوا دەستەبەندی دەکرێن.

١ـ مەوادی بێ هێزکەر یا مەوادی کول کەری سیستمی کۆدەماری ناوەندی وەك تریاك.

٢ـ مەوادی خەیاڵات بزوین یان پاڵنەری سیستمی کۆدەماری ناوەندی وەك ئێل .ئیس.دی.

٣ـ مەوادی بەهێزکەر یان مەودای پێکهێنەری هەیەجانو ووزە وەك کۆکائین.

ئەم مەوادانە یان بەشێوەی سروشتی یان بە شێوەی دەستکرد، بەرهەمدێنو بەچەشنی جۆراوجۆر وەك کێشان یان لە ڕێگای خوێنبەرەکانەوە لێدەدرێن. هەرە باوترینی ئەم مەوادانە بریتین لە: تریاك، مۆرفین، هیدرۆمۆرفین، کۆکائین، کافئین، نارکۆتین، مێتادۆن، هێرۆئین، ئیس.تی.پی و پی.ئیس.پی.

ئێستا بە کورتی بە ناساندنی پرمەسرەفترین مەوادی بێهۆشکەر، کە لە جیهانو ئێرانو کوردستاندا باون، ئاورێك دەدەینەوە سەر زیانەکانی پزیشکیو لەش ساغی لە سەر مرۆڤ.

**تریـــاك:** تریاك ماددەیەکە لە گیای خەشخاش (گوڵنار) وەدەستدێ.گوڵەکانی خەشخاش سووری مەیلەورەشەن، لەناوچەکانی مامناوەندی بەرهەم دێ. ئەم ماددەیە لە گورزی خەشخاش کە سەرەتا وەك شیرەیەکی سپی ڕەنگەو پاشان بە هۆی تێکەڵ بوون لە گەڵ هەوا قاوەیی دەبێو ڕەق هەڵدەگەڕێ، وەدەست دێ. شێوەی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە، لە ڕێگای دووکەڵکردن، واتا کێشان یان خواردن، ئەنجام دەدرێ. ئەم زیانانەی بە هۆی تریاك لە سەر لەشساخی مرۆڤ شوێن دادەنێن، بریتین لە: لەکارکەوتنو تێکچوونی دەزگای کۆدەماری ناوەندی، شۆێنی خراپ لە سەر شانەکانی لەش، زەین کوێریو بێ ئاقلی، سەرەگێژە، تەنگەنەفەسی کە بە هۆی لەکارکەوتنی ناوەندی هەناسەدانی مەغزییەوە ساز دەبێ، برۆنشیت، ئامفیزم، نەخۆشی سیل، نەخۆشیەکانی سینگ و دڵ، ڕەگەکانی خوێنبەر، دەزگای گۆواریشو تێکچوونی ڕەوانی ـ دەماری.

### حەشیش:

ڕاددەی مەسرەفی ئەم ماددەیە لە چاو ماددەکانی تر یەکجار زۆرە، گیایەکی قاوەیی ڕەنگە، کە لەگەڵ لاسکەو گەڵاکەی بەناوی کاناپلیس لە ناوچەی گەرمەسێر دەچێندرێ. شێوەی کەڵك وەرگرتنی تێکەڵکردن لەگەڵ ئاوە یان وەکوو تووتن لە



سەرقەلیان دادەندرێ یان وەك سیگارو پیپ دەكێشرێو یان وەك جاجكە دەجوورێ، زیانەكانی ئەم ماددەیە بریتین لە لەهۆش چوونی بەردەوام بەهۆی تێكچوونی تەمەركوزی مەغز، بێتوانایی لە كۆكردنەوەی فكردا، زیان گەیشتن بە كۆدەماری ناوەندی، شێتی، زووپیربوون، كوێرزەینی، تێكچوونی كاری دەزگای گوواریشو خوێنو هەناسەكێشان، شوێنی خراپ لەسەرزاوزێو هێزی سێكسی.

**هێرۆئین**: تۆزێكی كریستالی سپی ڕەنگە كە بەشێوی دڵۆپاندنو ڕاستەوخۆ لە مۆرفین هەڵدەهێنجێندرێ. ئەم ماددەیە بەشێوەی جۆراوجۆر بەكاردەبرێ. وەك كێشان لە رێگای بۆری هەناسەوە، خواردن، لێدان لە ژێرپێستو نێو ڕەگە خوێنبەرەكان، كە ئەم شێوەیە لە چاو ئەوانیتر زۆر زووتر كاریگەری دەكات، هێرۆئین زۆرترین شوێنی خراپ لەسەر مەغزو كۆدەمار و ڕووحو ڕەوان دادەنێ و دەبێتە هۆی خەمۆكی، ترسو نیگەرانی، گۆشەگیری وخۆكوژی، هەروەها لەسەردەزگای هەناسەو ودڵ، تایبەت دەزگای گوواریش شوین دادەنیێو دەبێتە هۆی قەبزبوونو تەمبەڵ بوونی ریخۆڵەكان، وێكهاتنی گەدەو ریخۆڵەكان، لە نێوچوونی ئانزیمەكانی هەرسی خواردەمەنی لە گەدەدا ، كەم ئیشتهاییو هەڵێنج هاتنو ڕشانەوە.

**مۆرفین**: مۆرفین لە ماوەی ١٥-٢٠ چركە لە سەر سیستمی كۆدەماری مرۆڤ شوێن دادەنیێو هەروەك بێهۆشكەرەكانیتر لەسەر دەزگا گرینگەكانی لەش شوێنی خراپ ومەرگ هێنەری هەیە، مۆرفین لە تریاك وەردەگیرێو تۆزێكی كریستاڵیە بە ڕەنگی قاوەییەكی ڕوونو سپی كەبەشێوەی كێشان یان لێدان بەكاردەهێنرێ.

**كۆكائین**: تۆزێكی سپی ڕوونە كە لەگەڵای داری كۆكا لە شاخەكانی ئەمریكای باشوور بە شێوەی سروشتی شین دەبێو بەرهەم دێ. دواتر لەگەڵ ئەسید هیدرۆكلۆریك تێكەڵ دەبێو دەبێتە كۆكائین، كۆكائین وەكو بەفر دەچێ، هەڵیدەمیسن یان لێی دەدەن. زیانەكانیشی هەروەكو زیانەكانی هێرۆئین و مۆرفینە.

بەگشتیی بەكارهێنانی مەوادی بێهۆشكەر، لە هەموو چەشنەكانی، شوێنی هاوبەشیان هەیە لە سەر لەشساغی مرۆڤو شوێن گەڵیكی تر وەك هەست بە خۆشحاڵی، خەونو خەیاڵی شیرن، خەوالو بوون، كەم بوونەوەی دەردوژان، كەمبوونی مەیلی سێكسی، زۆری هەیەجانو كەمی ووزە، تەمبەڵبوونی سیستمی كۆدەماری ناوەندی ..... هەموو بەرهەمی كەڵك وەرگرتن لە مەوادی بێهۆشكەرە.

جێگای ئامارە پێكردنە بە گوێرەی ئامار و راپۆرتی رۆژنامەی (واشینگتۆن پۆست)، ئێستا ئیران زۆرترین راددەی گیرۆدەبوون بە ماددەی بێهۆشكەری هەیەو لە پاشانیش ولاتانی وەك مۆریتانیاو قەرقیزستانە. ئەو ئامارە، هەروەها دەڵێ: نزیكەی ١٠ ملیۆن ئێرانی گیرۆدەی ماددە بێهۆشكەرەكانو (٥٥٪)ی تووشبووان لە نێوان تەمەنی ٢٠-٤٥ ساڵیدان.

وەك ئاماژەی پێكرا زیانەكانی گیرۆدەبوون بە ماددە بێهۆشكەرەكان، بەشەكانی جۆربەجۆری كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، پزیشكیو ئابووری گۆمەڵگا دەگرێتەوە.

ئەمرۆ لە رۆژهەلاتی كوردستان بلاوكردنەوەو برەوپێدانی ماددە بێهۆشكەرەكان لە لایەن گرووپی مافیای جۆربەجۆر دەبیندرێت، رۆژ نییە لاوانی كوردی رۆژهەلات لەبەر تووشبوون بە ماددە بێهۆشكەرەكان گیانی خۆیان لەدەست نەدەن.

جێگای ئامارە پێكردنە كە هەر لە رێگای ئێرانەوە لە رێی شارەكانی سنووری نێوان رۆژهەلاتو باشووری كوردستانەوە رۆژانە بڕێكی زۆر ماددەی بێهۆشكەر بە هۆی قاچاخچیانەوە ئاودیوی باشوور دەكرێو بەداخەوە خەڵكی كوردستانیش وا خەریكە گیرۆدەی ئەم پەتا ماڵوێرانكەرە دەبێت. ئەمە راستیەكی تاڵو حاشا هەڵنەگرە تادێ ژمارەی تووشبووان بە ماددە بێهۆشكەرەكان لە كوردستان لە زیادبوونە، هەر بۆیە ئەركی جەماوەری وریای كوردستانەو هەمیش كاربەدەستانو ئاسایشی حكومەتی كوردستانە، بەوپەڕی وشیاریەوە ئاوڕ لەو كێشەیە بدەنەوەو هەروا سووكو ئاسان بەلایدا تێنەپەرن، چونكە تووشبوون بەم ماددە بێهۆشكەرانە كۆمەڵگا تووشی گیرەو كێشەی جۆراوجۆرو زیانی كۆمەڵایەتی، پزیشكیو ئابووری دەكات.